
ئالان محەممەد
دوورگەی
ڕاوکراوەکان

# دوورگەی ڕاوکراوەکان

**ئالان محەمەد**

# دەستپێکی ڕاو

**هۆشی هاتەوە و دواتر چاوەکانی کردەوە، هەرچەندە وزەی کەم بوو، بەڵام هەر توانی هەستێتەوە سەر پێیەکانی. دوای ئەمە، ئەوا بە نیگایەکی سەیر و پڕ لە ترسەوە لە دەوروبەری ڕوانی. بینی کە بیست کەسی تریش وەکو ئەو تازە بەهۆش دێنەوە و هەڵدەستنە سەر پێیەکانیان، ئەوانیش وەکو ئەو بە هەمان نیگای ترسەوە سەیری دەوروبەریان دەکرد. دوای ئەوەی کە سەرنجی زیاتر لەسەر دەوروبەری ورد کردەوە، ئەوا ڕووخسارێکی ئاشنای بینی، ڕووخسارێک کە وایکرد بۆ ساتێک ئەو ترسە کوشندەیەی لەبیر بچێتەوە. کە بینی لە نزیک ئاگرەکەوە وا ئەویش لە دەوروبەری دەکۆڵێتەوە تاکو بزانێت لە کوێیە و ئەوە چی ڕوودەدات، ئەوا خێرا ڕۆیشتە لای. لێی نزیک بۆوە و دەستی لەسەر شانی دانا، ئەویش ئاوڕی دایەوە. کە ئاوڕی دایەوە، ئەوا بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە دڵخۆشییەوە گوتی: دانتێ!**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە باوەشێکی گەرمی پێدا کرد، دوای ئەوەی کە لە باوەشەکەیان تەواو بوون، ئەوا دانتێ گوتی: ئانا، باوەڕ ناکەیت کە چەندە بە بینینی تۆ خۆشحاڵم !**

**-منیش بە هەمان شێوە ئازیزەکەم.**

**دوای چەند ساتێک لەپڕ ڕووخساری دڵخۆشی ئانا گۆڕا، ترس و خەمێکی کوشندە دڵی ئەویان داگیر کرد، بە شێوەیەک داگیریان کردبوو کە بە ئاشکرا کاریگەری ئەو دوو هەستە لەسەر ڕووخساری دەبینرا. بەهەرحاڵ دواتر گوتی: دانتێ، ئێمە چۆن هاتووین بۆ ئێرە؟ ئێرە کوێیە و لێرە چی دەکەین؟ ئەی ئەمانە کێن؟**

**-نازانم ئازیزەکەم، بەڵام با هەوڵبدەین هەندێک زانیاری بەدەست بێنین، لەوانەیە یەکێک لەمانە شتێک بزانێت.**

**دوای ئەم قسەیە، ئەوا هەردووکیان ڕوویان لە خەڵکەکە کرد، لە کوڕ و کچێک نزیک بوونەوە کە لای ئاگرەکە بوون. ڕۆیشتنە لایان و دواتر هەردووکیان سڵاویان کرد. دانتێ ڕۆیشتە پێشەوە و گوتی: سڵاوتان لێ بێت، من (دانتێ)م، ئەمەش (ئانا)یە. ئەی ناوی ئێوە چییە؟**

**کچەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: من (فلۆرا)م، ئەمەش (فێن)ی برامە.**

**دوای ئەمە ئانا گوتی: ئایا دەزانن کە ئێمە چۆن هاتووین بۆ ئێرە، یان لێرە چی دەکەین و ئێرە کوێیە؟**

**فێن لە وەڵامدا گوتی: نەخێر، ئێمەش هاوشێوەی ئێوە بیرمان لە هەمان ئەو پرسیارانە دەکردەوە.**

**دوای ئەم قسەیە، ئەوا هەر چواریان بۆ نزیکەی خوولەکێک بێدەنگ بوون. هیچ کام لەوان وەڵامێکیان لا نەبوو کە بتوانێت کەمێک لە ترسی ئەوان کەم بکاتەوە. دواتر دانتێ سەیری دەوروبەری خۆی کرد تاکو بە وردی بزانێت ئێستا ئەوان لە کوێن و ئەوێ کوێیە، بۆیە ڕۆیشتە ناوەندەی گۆڕەپانەکە. لە دەوری گۆڕەپانەکە بە شێوەیەکی بازنەیی کۆمەڵە دارێک لەناو زەویدا چەقێنرابوون، لەسەر هەر دارێکیش مەشخەڵێکی ئاگرین هەبوو کە وایکردبوو گۆڕەپانەکە ڕۆشەن بێت. ڕۆیشتە پێشەوەی گۆڕەپانەکە، بەردەوام بوو لە ڕۆیشتنە پێشەوە تاکو گەیشت بە لێوارێکی بەرزی لێژ، سەیری خوارەوەی کرد و ئاوی دەریای بینی کە کۆمەڵە بەردێکی تیژی لێوە دەرکەوتبوو. بەمە بۆی دەرکەوت کە ئەوان ئێستا لەسەر دوورگەیەکن، ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو بەوەی کە نەیدەزانی ئەو هەموو کەسە چۆن هێندراون بۆ شوێنێکی لەم شێوەیە. بەهەرحاڵ دواتر لەوێ ڕۆیشت و ڕووی لە پشتەوەی گۆڕەپانەکە کرد. بینی کە دارستانێکی چڕ بەشی دواوە و لای ڕاست و چەپی بە تەواوی داپۆشیوە، دارستانێک کە لە ژێر ڕۆشنایی کەمی مانگدا وەکو تابلۆیەکی ڕەشی تاریک دەردەکەوت. دوای**

**ئەوەی کە زانی لەسەر دوورگەیەکن، ئەوا ڕۆیشتەوە لایان و بوونی شوێنەکەیان بەوان گوت. هەرچەندە بە وردی نەیدەزانی کە ئەو دوورگەیە ناوی چییە یاخود لە کوێیە، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەیزانی کە ئێستا لەسەر دوورگەیەکن. ئەم هەواڵە هەمووانی تووشی نیگەرانی و ترسێکی زیاتر کرد، وە لەجیاتی وەڵام، ئەوا پرسیاری زیاتریان بۆ درووست بوو. کۆمەڵەکانی تریش بە هەمان شێوەی ئەوانەوە کەوتبوونە گفتوگۆوە، ئاشکرابوو کە بابەتی قسەکردنی هەمووان یەک شت بوو.**

**بە هۆی ئەوەی کە کەش و هەوایەکە سارد بوو، ئەوا هەمووان لە ئاگرەکە نزیک ببوونەوە. ئاگرەکە بە ڕادەیەک گەورە بوو کە وایکرد هەمووان هەست بە گەرمی بکەن و بتوانن لە سەرما ڕزگاریان بێت. لە کاتێکدا هەمووان لە گفتوگۆ دابوون، ئەوا دەنگی پێی هاتنی چەند کەسێک هات، دەنگەکە زیاتر و زیاتر نزیک بۆوە تاکو لە کۆتاییدا لە پێشەوەی گۆڕەپانەکە حەوت کەسی ڕەشپۆش دەرکەوتن. بوونێکی وەها سامناکیان هەبوو کە وایکردبوو هیچ کام لە بیست و یەک کەسەکە نەتوانن قسە بکەن، تەنانەت نەیانتوانی بچووکترین دەنگیش دەربکەن.**

**لە کاتێکدا حەوت ڕەشپۆشەکە بە هەنگاوی قورس و هێواشەوە لەوان نزیک دەبوونەوە، ئەوا بیست و کەسەکە چاویان زەق کردبوو و سەیری هاتنی ئەوانیان دەکرد. دوای ئەوەی کە تەنیا دە مەتر لەوانەوە دوور بوون، ئەوا حەوت ڕەشپۆشەکە لە شوێنی خۆیان وەستان.**

**بۆ ماوەی خوولەکێک هەمووان بە بێدەنگی لە حەوت ڕەشپۆشەکە ڕامان، حەوت ڕەشپۆشەکەش بە هەمان شێوە بە بێدەنگی لەوان ڕامان. بە هۆی ئەوەی کە گۆڕەپانەکە بە هۆی مەشخەڵەکانەوە ڕۆشەن بوو، ئەوا ڕووخساریان بە ئاشکرا دیار بوو. هەڵبەتە کە دەڵێم ڕووخسار ئەوا مەبەستم تەنیا چاوەکانیانە بەوەی کە ڕووبەندێکی ڕەشیان پۆشی بوو، ئەمەش وایکردبوو ڕووخساریان دیار نەبێت. لەو حەوت کەسە دوو کەسیان ئافرەت بوون، ئەوەش ئاشکرا بوو بەوەی کە جەستەیەکی**

باریک و قژێکی درێژیان هەبوو. پێنجەکەی تریش کۆمەڵە پیاوێک بوون کە یەکێکیان قەڵەوێکی شان پان بوو، سێی تریش خاوەنی قەبارەیەکی ئاسایی بوون، کۆتا دانەش یەکێکی باڵابەرز بوو کە لە ناوەند و پێشەوەی ئەوان وەستابوو، دیار بوو کە سەرکردەی شەش کەسەکەی ترە.

دوای ئەوەی کە خوولەکێک تێپەڕی، ئەوا باڵابەرزە ڕەشپۆشەکە بێدەنگییەکەی شکاند، بە دەنگێکی هێمن کە لە دەنگی خانەدانێک دەچوو گوتی: خانمان و بەڕێزان، بەخێربێن بۆ دوورگەی پارادۆکس. دەزانم کە هەر یەکە لە ئێوە ئەو پرسیارەی بۆ درووست بووە کە لێرە چی دەکەن و چۆن هاتوون بۆ ئێرە، بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارانەتان دەدەمەوە. گرنگ نییە کە چۆن هاتوون بۆ ئێرە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بۆ چ مەبەستێک هێنراون بۆ ئێرە. من و هاوکارەکانم هەموو ساڵێک بۆ شەوێک کۆمەڵە کەسێک دەهێنین بۆ ئێرە کە بێ دایک و باوکن، بێ خانەوادەن، کەسانێک کە کۆمەڵگا لە ونبوونی ئەوان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو دڵخۆشیشە بە نەمانی ئەو جۆرە کەسانە، بە کورتی کەسانێک کە جێی سەرنج و بایەخ نین. هەموو ساڵێک لە شەوێکی لەم شێوەیەدا مانا بە ژیانی کەسانی پووچی وەکو دەبەخشین، لە شەوێکی لەم شێوەیەدا واتان لێ دەکەین کە درک بە ڕاستی بوونی خۆتان بکەن، ئەو ڕاستییەش بریتییە لەوەی کە ئێوە هیچ نرخێکتان نییە. ماوەی پێنج خوولەک بە هەر یەکێک لە ئێوە دەدەین تاکو لێرە ڕاکەن، دوای ئەوەی کە پێنج خوولەکەکە تەواو بوو، ئەوا من و هاوکارەکانم ئێوە ڕاو دەنێین. وە بۆ ئەوەی ئەم ڕاوە ڕاوێکی دادپەروەرانە بێت، ئەوا کۆمەڵە سندووقێکی چەکمان بە درێژایی دارستانەکە بڵاو کردۆتەوە، دەتوانن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو چەکانە پارێزگاری لە ژیانی خۆتان بکەن، ئەوە ئەگەر بتوانن.

چیتر درێژە بە قسەکانم نادەم، بۆیە با دەستپێکەین!

دوای بیستنی ئەمە، ئەوا هەمووان بۆ ساتێک وایانزانی کە ئەوە تەنیا گاڵتەیەکە، بەڵام خێرا بە هۆی ڕووداوێکەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەوە گاڵتە نییە. ئەو ڕووداوەش بریتی

**بوو لەوەی یەکێک لە بیست و یەک کەسەکە کە قەڵەوێکی باڵابەرز بوو ڕۆیشتە پێشەوە. لە سەرکردەکەیان نزیک بۆوە و گوتی: سەیرکە، نازانم ئێوە کێن، وە ناشزانم ئێرە کوێیە، ئەمەش من تووڕە دەکات. بۆیە ئەگەر هەر ئێستا لێرە نەمانبەنە دەرەوە، ئەوا...**

**پیاوە ڕەشپۆشەکە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات کە بە شمشێرێکی درێژ سەری پەڕاند. لاشەی قەڵەوەکە بە لای ڕاستدا کەوت و سەری پەڕیویشی کەوتە ژێر پێی پیاوە ڕەشپۆشەکە. دواتر سەری هەڵگرت و فڕێیدایە ناو ئاگرەکە. کە هەمووان ئەوەیان بینی، ئەوا کەوتنە حاڵەتی تۆقین و دەنگی هاوار لە هەموو شوێنێک بەرز بۆوە. دانتێ دەستی (ئانا)ی گرت و بە خێرایی بەرەو دارستانە تاریکەکە ڕایانکرد، ئەوانی تریش بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی خێرا و پڕ لە ترسەوە لە گۆڕەپانەکە دوورکەوتنەوە. لە ماوەی نیو خوولەکدا، ئەوا تەواوی گۆڕەپانەکە چۆڵکرا، جگە لە لاشەی مردووی قەڵەوەکە و حەوت ڕەشپۆشەکە، ئەوا هیچ کەسێکی تر لەوێ نەدەبینرا.**

**دوای ئەوەی کە پێنج خوولەک بەسەر ڕاکردنی ئەواندا تێپەڕی، ئەوا سەرکردەکەیان گوتی: با ڕاوەکە دەست پێبکات !**

## گرید

هەموو ساڵێک هەمان یاسا، لەمە بێزار بووم. چۆن دەکرێت چێژ لە کوشتنی تەنیا سێ کەس ببینم؟ ئەمە دادپەروەرانە نییە، شایەنی ئەوەم کە زیاترم بەرکەوێت بەوەی کە لە هەمووان باشترم، بەڵێ لە هەمووان باشترم. ئەگەر بتوانم ڕووبەڕووی پراید ببمەوە و پۆستی ئەوم داگیر بکەم، ئەوا بەشی زیاتر بە خۆم دەدەم. باشە ئەی کەوایە بۆ واناکەم؟ منیش وەکو ئەو بەهێزم، بەڵکو بەهێزتر... باشە باشە، بە ئەندازەی ئەو بەهێز نیم، بەڵام هێشتا توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوم هەیە، هەمووان ئەوە دەزانن.

لە کاتێکدا گرید بەدوای شوێن پێی سێ کەس دەکەوت کە لە نزیک ئەوەوە بوون، ئەوا بەو شێوەیەیە قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد. کاتێک شوێنی ئەو سێیانەی دۆزییەوە، ئەوا سەرکەوتە سەر درەختێکی بەرز تاکو بتوانێت بە وردی سەیریان بکات. دوای ئەوەی کە سەرکەوتە سەر درەختەکە، ئەوا چاوی بەو سێیانە کەوت کە لە پشت دەوەنێکی بچووک خۆیان شاردبۆوە. گرید کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە کەوتە سەر لێوەکانی، دوای ئەمە خەنجەرە درێژەکەی دەرهێنا کە دەسکەکەی بە پێستێکی قاوەیی تۆخ ڕووپۆش کرابوو. پێش ئەوەی هێرشیان بکاتە سەر، ئەوا هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و گوتی: هیچ بوونەوەرێک بە ئەندازەی مرۆڤ چاوەڕوانکراو نییە، هەمیشە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە چاوەڕێ دەکەیت ئەنجامی بدەن. نەوەکو ئەمە، بەڵکو هەرگیزیش لە هەڵەی خۆیان فێر نابن، بەڕاستی کۆمەڵە بوونەوەرێکی پووچ و گەمژەن. هەڵبەتە ئەمەش لە بەختی منە بەوەی کە دەتوانم بە ئاسانی کۆتایی بە ژیانیان بهێنم، هەرچەندە دەمویست ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت ئەوا یەکێک لەوان هەڵکەوێت و سەرسامم بکات، بەڵام نەخێر. بەهەرحاڵ، با دەست پێکەم.

گرید لەسەر درەختەکە بازیدا و بە خەنجەرەکەی کەوتە سەر یەکەم کەس کە بینی، دوای ئەوەی کە یەکەم دانەی کوشت، ئەوا دوو دانەکەی تر خێرا ڕایان کرد. گرید بە ڕاددەیەک خێرا بوو کە توانی بە چەند هەنگاوێک کەسی دووەم بگرێت و بیخاتە سەر زەوی. دواتر جەستەی ئەوی سووڕاند تاکو ڕووخساری ئەو ببینێت. کە بینی چ ترسێک لە چاوەکانیدایە، ئەوا گرید هەستی بە چێژێکی تایبەت کرد. هەمیشە چێژی لە ترسی ئەوانە دەبینی کە دەیانزانی خەریکە دەمرن، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە خۆی هۆکاری مەرگی ئەوان بوو. نەیویست بە خێرایی بیکوژێت و خێرا کۆتایی بەو چێژەی بهێنێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دانەکەی تر زیاتر و زیاتر دوور دەکەوتەوە، ئەوا ناچار بوو خێرا کۆتایی بەو بێنێت. بۆیە قژی کچەکەی گرت و سەری بۆ سەرەوەی بەرز کردەوە، بە دەستی ڕاستی خەنجەرەکەی خستە ژێر قورگییەوە و بڕی. وەکو چۆن ئاو لە کانییەکەوە دێتە دەرەوە، ئەوا خوێنێکی تۆخی مەیلەو ڕەش لە قورگی کچەکەوە دەهاتە دەرەوە. زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی هەناسە بڕان و لەدەستدانی خوێنی زۆرەوە کچەکە مرد. دواتر گرید هەستا و بە خێرایی بەدوای سێیەم دانە کەوت. شوێنەواری پێیەکانی دیار بوو، بۆیە بەدوای شوێن پێیەکانی کەوت تاکو لە شوێنێک نزیک بۆوە کە پڕ بوو لە دەوەنی چڕ. گرید دەیزانی کە لەو نزیکانە خۆی شاردۆتەوە، بۆیە هەوڵیدا بە قسەکردن دەری بهێنێت. لە شوێنی خۆی وەستا و خەنجەرەکەی لەسەر زەوی دانا، دواتر گوتی: سەیرکە بچکۆل، دەزانم کە لێرەیت، بۆیە لە حەشارگەکەت وەرە دەرەوە. وەکو دەبینیت، ئەوا خەنجەرەکەم لەسەر زەوی داناوە، بۆیە پێویست بە ترس ناکات، وەرە ئازارت نادەم.

کوڕەکە کە بینی خەنجەرەکەی داناوە، ئەوا خێرا بەرەو لای ئەو ڕایکرد و بە پاڵێکی بەهێزەوە خستییە سەر زەوی. دواتر خەنجەرەکەی هەڵگرت و کەمێک لێی دوورکەوتەوە.

**دوای ئەمە گرید بە زەردەخەنەیەک هەستایەوە سەر پێیەکانی، چەند دەستێکی لە خۆی دا تاکو تۆزی سەر پۆشاکە ڕەشەکەی لابەرێت. دوای ئەوەی کە خۆی پاک کردەوە، ئەوا گوتی: بەڕاستی بەهێزیت، چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد.**

**کوڕەکە کە بە چاوێکی توڕەیی و ترسەوە سەیری دەکرد هیچی نەگوت. گرید دووبارە کەوتەوە قسەکردن و گوتی: سەیرکە، دڵنیات دەکەمەوە کە بە هەڵە لە ئێمە تێگەیشتوویت. ئێمە کەسانێکی خراپ نین، لەوە دڵنیابە. بۆیە پێت چۆنە کە ئەو خەنجەرەم پێ بدەیتەوە و هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە؟ ئەمەت بەدڵە، وایە؟ لەوە دڵنیام.**

**دوای ئەم قسانە، ئەوا کوڕەکە لێی نزیک بۆوە، خەنجەرەکەی بەرز کردەوە، گرید وایدەزانی کە خەنجەرەکەی پێ دەداتەوە، بۆیە دەستی بۆ ڕاکێشا تاکو لێی وەرگرێت. بەڵام خەنجەرەکەی پێ نەدا، بەڵکو بە جووڵەیەکی خێرا و بە شێوەیەکی بەهێز کوڕەکە خەنجەرەکەی خستە ناو دڵی ئەوەوە. گرید کەمێک کشایەوە دواوە و سەری نزم کردەوە، کوڕەکە بەو دیمەنە دڵخۆش بوو بەوەی کە وایزانی ئەوە کۆتاییەتی. لە کاتێدا کە هێشتا دەستی لەسەر خەنجەرەکە بوو، ئەوا گرید سەری بەرز کردەوە و بە ڕووی ئەودا پێکەنی، کوڕەکە بەمە شۆک بوو. دەستی چەپی بەرز کردەوە و بە توندی قورگی کوڕەکەی گرت، دواتر کەللەیەکی لەسەریدا و خستییە سەر زەوی.**

**دوای ئەوەی کە کەوتە سەر زەوی، ئەوا پاش چەند ساتێک سەری بەرز کردەوە تاکو سەیری گرید بکات، باوەڕی بەوە نەدەکرد کە هێشتا لە ژیاندا ماوە . گرید لە شوێنی خۆی وەستابوو و هەر پێدەکەنی، دواتر بە دەستی ڕاستی خەنجەرەکەی لە دڵی دەرهێنا و بەرەو لای ئەو ڕۆیشت. لە کاتێک گرید لێی نزیک بۆوە، ئەوا کوڕەکەی بە سەرسامی و ترسێکی زۆرەوە گوتی: تۆ... چۆن...؟ خەنجەرەکەم خستە... مەحاڵە!**

**گرید دەستی چەپی خستە سەری دەمی و بێدەنگی کرد، دواتر گوتی: دەزانم کە ئەوەی ئێستا بینیت تووشی شۆکی کردیت، دەزانم کە شتێکی سەیرە، هەڵبەتە بۆ ئێوەی مرۆڤ سەیرە. بەهەرحاڵ، دەمەوێت بڵێم کە ئەمشەو منت سەرسام کرد، هەرگیز نەبووە کەسێک بتوانێت بەو ڕاددەیە لە من نزیک ببێتەوە و هێرشم بکاتە سەر. ئەگەر لە ژیاندا مابایتەوە، ئەوا جەنگاوەرێکی باشت لێ دەردەچوو. بەڵام بەداخەوە، لێرە و ئێستا ژیانت کۆتایی پێ دێت. دواتر بە دەستی ڕاستی خەنجەرەکەی بەرز کردەوە و بە هێواشی خستییە ناو قوڵایی دڵییەوە، دوای ئەوەی کە زانی مردووە، ئەوا خەنجەرەکەی دەرهێنا و دواتر خوێنەکەی بە جلوبەرگی کوڕەکە سڕییەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و ڕوویکردە ئاسمان، دواتر گوتی: بە لایەنی کەمەوە ئەمساڵ یەکێک لەوانە سەرسامی کردم، بۆیە ئەمە بە ڕاوێکی باش هەژمار دەکەم.**

## لەست

ساڵێکی تازە و ڕاوێکی تازە، ئەمە هەمیشە من دڵخۆش دەکات ! ئەمساڵ نێچیری جوانمان پەیدا کردوون، بۆیە تامەزرۆی ڕاوکردنیانم، هەرچەندە وەکو هەمیشە تەنیا بۆم هەیە سێ دانە ڕاوکەم. ئەم یاسایەی بەڕێز پراید بێزارم دەکات ! بۆچی دەبێت تەنیا بە سێ دانە ڕازی بم لە کاتێکدا ئەو هەموو ڕووخسارە جوانانەمان پەیدا کردوون؟ ئەوانی تر درک بە جوانی نێچیرەکان ناکەن، بە تایبەتی (سلۆث)ی نەفرەتی ! ئەوان تەنیا بەدوایان دەکەون و بە شێوەیەکی ئاسایی دەیانکوژن. بەڵام من نا، نەخێر. من درک بە جوانی ئەوان دەکەم، درک بە گەورەیی ڕووخساری جوانی ئەوان دەکەم. بۆیە هەمیشە دوای ئەوەی کە دەیانکوژم، ئەوا پێستی ڕووخساریان لێ دەکەمەوە و لەناو جانتا پێستییەکەمیان داوێم. سەیرکەن کە چەندە ڕووخساری جوانم لان، بەڵێ!

هەرچی ڕووخساری جوانە دەبوایە موڵکی من بووبا بەوەی کە من تاکە کەسێکم قەدریان بزانم، نەوەکو ڕووخساری جوان، بەڵکو هەرچی جوانە دەبوایە موڵکی من بووبا ! وە تۆش بەڕێز پراید، تۆش دەبوایە موڵکی من بووبایت بەوەی کە جوانترین بوونێکیت بینیبێتم. باڵای بەرز و شانە پانەکانت، قژی سپی و چاوە سەوزەکانت، ئەو ڕووخسارە جوانەت! ...

هەموو ئەمانە من شێت دەکەن، ئەگەر توانستی ئەوەم هەبووبا تۆ بەدەست بهێنم، ئەوا بۆ چرکەیەکیش نەدەوەستام. بەڵێ، بێ هیچ دوودڵییەک تۆم دەکوشت، دواتر پێستی ڕووخسارتم لێ دەکردەوە و بۆ هەمیشە هەڵم دەگرت. بۆنم دەکرد و دەمخستە سەر ڕووخساری خۆم!

نەخێر، نابێت بیر لەم شتانە بکەمەوە بەوەی کە بەڕێز پراید سەرپەرشتیاری منە، وە لە هەمان کاتیشدا ناتوانم بیکوژم بەوەی کە لە هەمووومان بەهێزترە و نەمرە.

**ئاخ بەڕێز پراید، خۆزگە هیچ ڕێگرێک نەبووبا. بەڵام دەی، بە لایەنی کەمەوە دەتوانم ڕاوی ئەم ڕووخسار جوانانە بکەم...**

**قسەکەی تەواو نەکرد کە لەپڕ هەستی بە بوونی کەسێک کرد لە پشتی درەختێکەوە. گوێی لە دەنگی هەناسەی خێرای کوڕێک بوو کە خۆی حەشاردابوو، کوڕەکە نەیدەزانی کە ئێستا لەست لەوێیە و وا خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرشکردنە سەری. بەهەرحاڵ کاتێک لەست زانی کە یەکێک لە پشتی درەختەکەوە وا خۆی شاردۆتەوە، ئەوا زەردەخەنەیەکی گەورە کەوتە سەر لێوەکانی کە وایکرد ددانە زەردەکانیشی دەرکەون. دواتر بە هەنگاوی هێواش لە درەختەکە نزیک بۆوە، کە بە ئەندازەی پێویست نزیک بۆوە، ئەوا تەورێکی گەورەی دەرهێنا کە بە پشتییەوە بەستبووی، تەورەکەی بەرز کردەوە و بەوپەڕی هێزەوە لە درەختەکەی دا. هێزی لەست و تیژی تەورەکە وایکرد درەختەکە بە یەک لێدان ببێت بە دوو کەرت، بەڵام تەنیا درەختەکە نەبوو بە دوو کەرت، بەڵکو سەری کوڕەکەشی پەڕاند و لە جەستەی جیاکردەوە. کاتێک لەست بینی کە سەری پەڕاندووە، ئەوا زۆر دڵخۆش بوو و گوتی: بەڵێ ! هێشتا بە توانام، توانیم بە یەک لێدان درەختەکە بکەم بە دوو کەرت و سەری کوڕەکەش ببڕم ! ئەگەر بەڕێز پراید لێرە بووبا، ئەوا شانازی پێوە دەکردم.**

**دواتر تەورەکەی بە پشتییەوە بەست و ڕۆیشتە لای سەرە پەڕیوەکە، پێستی ڕووخساری لێ کردەوە و خستییەوە ناو جانتا پێستییەکەی. دوای ئەوەی کە تەواو بوو، ئەوا دوو کوڕ لە پشتی دەوەنێکەوە بە تفەنگی ڕاوکردن هێرشیان کردە سەر، تفەنگەکەیان هەر تەقاند و تەقاند تاکو سەری (لەست)یان پارچە پارچە کرد. دوای ئەوەی کە دڵنیابوون مردووە، ئەوا لە لاشەکەی نزیک بوونەوە، سەیرێکیان کرد و دواتر سەرنجیان ڕۆیشتە سەر لاشە سەر پەڕیوەکە. کە ئەوەیان بینی، ئەوا یەکێکیان گوتی: ئەمانە چ جۆرە دڕندەیەکن کە وا بەم شێوەیە خەڵک دەکوژن؟!**

**لە کاتێکدا کە کوڕەکە ئەمەی گوت، ئەوا پارچە بڵاوەکانی سەری لەست یەکیان گرتەوە و دواتر چاوەکانی کردەوە. هەستایەوە سەر پێیەکانی و لە کوڕی دووەم نزیک بۆوە، چەقۆیەکی لە کیفەکەی دەرهێنا و قورگی ئەوی بڕی. دواتر لە سێیەم دانە نزیک بۆوە و بانگی کرد. کوڕەکە کە ئاوڕی دایەوە و ئەوی بینی، ئەوا ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، وەکو ئەوەی کە خێوێکی بینیبێت. خێرا تفەنگەکەی بەرز کردەوە و تەقەی کرد، بەڵام تفەنگەکە هیچی لێوە دەرنەهات بەوەی کە هیچ فیشەکێکی تێدا نەمابوو. کە زانی بەتاڵە، ئەوا تفەنگەکەی وەکو دارێکی بەیسبۆڵ گرت تاکو بەوە هێرشی بکاتە سەر. کە لێی نزیک بۆوە، ئەوا تفەنگەکەی وەشاند، بەڵام لەست تفەنگەکەی گرت و دواتر فڕێیدا. شەقێکی لە زگی ئەودا و خستییە سەر زەوی. لەست بە توڕەیی تەورەکەی دەرهێنا و گوتی: هەرگیز فێریان نەکردوویت کە هەرگیز دەست لە ئافرەتێک بەرز نەکەیتەوە هەی نەفرەتی؟!**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا تەورەکەی بەرز کردەوە و بەوپەڕی هێزەوە لە کەمەرییەوە تاکو سەری کردی بە دوو پارچە.**

**دوای ئەم کارەی، ئەوا دووبارە تەورەکەی خستەوە سەر پشتی، ڕۆیشتە لای کوڕی دووەم و دواتر بە چەقۆیەکەی پێستی ڕووخساری لێ کردەوە. کە لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا گوتی: ئەمەی ئێستا ڕوویدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵام بە لایەنی کەمەوە توانیم دوو ڕووخساری جوان بەدەست بهێنم.**

**جێی داخە کە ئەمساڵ وەکو ساڵەکانی تر نەمتوانی پێستی ڕووخساری سێ کەس لێبکەمەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵخۆشم بەوەی کە توانیم خۆم کۆنترۆڵ بکەم و دووەم دانە وەکو هی سێیەم بەو شێوەیە نەکوژم. بەڵێ، شانازی بە خۆمەوە دەکەم بەوەی کە توانیم توڕەییەکەم کۆنترۆڵ بکەم لە کاتێکدا بێ ڕێزییەکی گەورەیان بەرامبەر خانمێکی وەکو من نواند. ئەگەر بەڕێز (پراید)یش لێرە بووبا، ئەوا هەمان قسەی دەکرد، لەوە دڵنیام.**

## ئێنقی

**بۆچی دەبێت ئێمە هەمیشە سێ کۆتا نێچیرەکان ببەین بۆ لای بەڕێز پراید؟ بۆچی وەکو ئێمە بەدوای ئەوان ناکەوێت و ڕاویان نانێت؟ ئایا تەنیا بە هۆی ئەوەی کە سەرکردەی ئێمەیە، ئەوا مافی ئەوەی هەیە کە وەکو خزمەتکارێک مامەڵەمان لەگەڵدا بکات؟! نەفرەت لێی!**

**بەڵام دەزانیت چی، ئەگەر منیش لە جێی ئەو بوو‌بام، ئەوا هەمان کارم ئەنجام دەدا. بۆچی خۆم ماندوو بکەم لە کاتێکدا کەسانێکی تر هەن کە کارەکەم بۆ ئەنجام دەدەن؟ بەڵێ، ئەگەر لە جێی ئەو بووبام، ئەوا وەکو ئەو فەرمانم بە دەوروبەر دەکرد و وەکو خزمەتکارێک مامەڵەم لەگەڵدا دەکردن. خۆزگە لە جێی ئەو بووبام، ئەو شایەنی پۆستێکی لەو شێوەیە نییە. با لە من زیرەکتر و بەهێزتر بێت، هێشتا هەر لەو باشترم!**

**خۆزگە توانیبام لەو باشتر بم تاکو پۆستەکەی داگیر بکەم و بیکەم**

**بە خزمەتکاری خۆم!**

**لە کاتێکدا ئێنقی بە هێمنی دارستانی نزیک گۆڕەپانەکەی دەپشکنی، ئەوا بیری لەم خەیاڵاتانە دەکردەوە. دوای ماوەیەک لە پشکنین و گەڕان بەدوای شوێنی نێچیرەکاندا، ئەوا شوێنی یەکێکیانی دۆزییەوە. دوای ئەوەی کە ئەوی دۆزییەوە و کچەکەش ئێنقی بینی، ئەوا خێرا بەرەو ئاڕاستەی پێچەوانە ڕایکرد. ئێنقی بەدوایدا ڕایکرد، بەڵام نەیتوانی بیگرێت بەوەی کە کچەکە زۆر خێرا بوو. بۆیە لە شوێنی خۆی وەستا و دەمانچەکەی دەرهێنا کە لە جۆری "لیمات ڕیڤۆڵڤەر" بوو. کچەکە توانی مەودایەکی زۆر ببڕێت، بە هۆی دووری نێوانیانەوە خەریک بوو ون بێت. بۆیە خێرا ئاماژەی گرت و دوای ساتێک دەمانچەکەی تەقاند. شایەنی باسە کە جگە لە بەڕێز پراید، ئەوا هیچ کام لە ڕاوچییەکان بە ئەندازەی ئێنقی لە بەکارهێنانی چەک شارەزا نەبوون، بۆیە**

کاتێک دەمانچەکەی تەقاند، ئەوا فیشەکەکە بەر سەری کچەکە کەوت و دواتر بە مردوویی کەوتە سەر زەوی. ئێنڤی کە زانی ئامانجی خۆی پێکاوە، ئەوا دەمانچەکەی نزم کردەوە و خستییەوە ناو کیفە ڕەشەکەیەوە. زۆری پێ نەچوو هەستی بە ڕاکردنی یەکێکی تر کرد کە لە نزیک خۆیەوە بوو، بۆیە ئێنڤی چەقۆیەکی بچووکی لەناو قاپشەکەی دەرهێنا و دواتر بە شێوەیەکی خێرا بەرەو کوڕەکەی هاویشت. ئامانجی خۆی بە باشی پێکا بەوەی کە چەقۆیەکە ڕۆچوبووە ناو ڕانی و خستبوویە سەر زەوی. لە کاتێکدا ئێنڤی لەو نزیک دەبۆوە، ئەوا کوڕەکە بە خشانەوە دەیویست لێی دووركەوێتەوە. کە لێی نزیک بۆوە، ئەوا دەمانچەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا و ئاماژەی سەری ئەوی گرت. پێش ئەوەی فیشەکەکە بخاتە قوڵایی مۆخییەوە، ئەوا گوتی: کۆتا قسەت چییە پێش ئەوەی بمریت؟

کوڕەکە وەڵامی نەدایەوە، بە ڕاددەیەک ترسابوو کە دەمی بەسترابوو و نەیدەتوانی قسە بکات. لەپڕ بۆنێکی سەیر هات، بۆیە ئێنڤی لووتی خۆی لە کوڕەکە نزیک کردەوە و تێبینی کرد کە میزی بە خۆیدا کردووە. بە ڕاددەیەک ترسابوو کە میزی بە خۆیدا کردبوو. ئێنڤی کە ئەمەی بینی، ئەوا کردی بە قاقای پێکەنین، دەنگی پێکەنینەکەی بە ڕاددەیەک بەرز بوو کە لە تەواوی دارستانەکە دەنگی دەدایەوە. دوای ئەوەی کە لە پێکەنینەکەی وەستا، ئەوا دووبارە بە دەمانچەکەی ئاماژەی سەری گرتەوە و فیشەکەکەی تەقاند، بەم شێوەیە کۆتایی بە ژیانی هێنا.

دوای ئەوەی کە نێچیری دووەمی کوشت، ئەوا بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو نێچیری سێیەم ڕۆیشت کە شوێن پێیەکانی دۆزیبۆوە. وردە وردە دەڕۆیشتە ناو قوڵایی دارستانەکەوە بەوەی کە شوێن پێیەکان بەرەو ئەوێیان دەبرد. بەهەرحاڵ دواتر شوێن پێیەکان لای درەختێک کۆتاییان پێهات، وایزانی کە نێچیرەکە لە پشت درەختەکە خۆی شاردۆتەوە، بۆیە خێرا ڕۆیشتە پشتەوە تاکو بیگرێت، بەڵام هیچ کەسێکی لەوێ نەبینی.

**دواتر بیری کردەوە کە لەوانەیە لە سەرەوە خۆی شاردبێتەوە، بۆیە دەمانچەکەی دەرهێنا و چەند فیشەکێکی لە سەروو درەختەکە گرت، بەڵام ئەم جارەش هەر دیار نەبوو. لەپڕ گوێی لە دەنگێک بوو کە لە پشت دەوەنێکی لای ڕاستییەوە دەهات، ڕۆیشتە ئەویَ تاکو سەیری بکات و بزانێت چییە. کە سەیری دەوەنەکەی کرد، ئەوا جگە لە پارچە دارێک کە کەوتبووە ناوییەوە هیچی تری نەدۆزییەوە. لە کاتێکدا کە سەیری دەوەنەکەی دەکرد، کوڕێک لە دواوە بە بەردێکی گەورە هێرشی کردە سەر. ئێنڤی کاتی ئەوەی نەبوو بەرپەرچی هێرشەکەی بداتەوە بەوەی کە هێرشێکی لەپڕ بوو. بۆیە کوڕەکە کەوتە سەری و بە بەردەکە لەسەریدا، هەر لێیدا و لێیدا تاکو لە کۆتاییدا سەری هاڕی. دوای ئەوەی کە زانی مردووە، ئەوا ڕۆیشتە دواوە و بەردەکەی فڕێدا، دواتر لە شوێنی خۆی دانیشت تاکو پشوو بدات. لە کاتێکدا کە کوڕەکە پشووی دەدا، ئەوا سەری ئێنڤی سارێژ بۆوە و دواتر هەستایەوە سەر پێیەکانی. دەمانچەکەی دەرهێنا و بە هێواشی لێی نزیک بۆوە. کە لێی نزیک بۆوە، ئەوا ئاماژەی دواوەی سەری گرت و مێشکی پڕژاند. دوای ئەوەی کە ڕاوەکەی تەواو بوو و کاری خۆی ئەنجامدا، ئەوا بە پێکەنینەوە گوتی: خۆزگە بەوانمان گوتبا کە چەکی ئاسایی کار لە ئێمە ناکات. بەڵام دەی، نەزانینی ئەم ڕاستییە وادەکات ئێمە چێژێکی زیاتر وەرگرین.**

# گلاتۆنی

**ئەوە دەنگی تەقاندنی فیشەک بوو، دڵنیام کە ئەوە ئێنقی بوو تەقاندی. دیارە کە لە ڕاوەکەی تەواو بووە، ئەو هەمیشە خێرا کۆتایی بە ژیانی نێچیرەکانی دێنێت. هەڵبەتە وەکو راش خێرا نییە بەوەی کە ئەو خێراتر دەیانکوژێت. بە پێچەوانەی ئەوان، ئەوا من کاتی خۆم بە هێواشی بەڕێ دەکەم و پەلە لە کوشتنیان ناکەم. حەز دەکەم یەک بە یەکی نێچیرەکانم بە هێواشی ڕاوبکەم و دواتریش بە هەمان شێوە بیانکوژم. پەلەی بۆ چییە لە کاتێکدا شەوێکی تەواومان لەبەردەستدایە؟ لەوان تێناگەم. نەوەکو هەر ئەو دووانە، بەڵکو ڕاوچییەکانی تریش بە هەمان شێوەن، پەلە دەکەن و چێژی ڕاستەقینە وەرناگرن، بە پێچەوانەی بەڕێز پراید کە بە باشی لە مەبەستی قسەکانم تێدەگات. ئەو وەکو منە، پەلە لە ڕاوکردن ناکات و چێژ لە کوشتنی نێچیرەکانی دەبینێت. بەڵێ، ئەو تاکە کەسێکە کە بە هۆی ئەمەوە ڕێزی لێ بگرم و بەدڵم بێت، هەر بۆیەشە سەرکردەی ئێمەیە، بەڕاستی شایەنیەتی. هەڵبەتە لە شتێکدا جیاوازین، ئەو جیاوازییەش بریتییە لەوەی کە ئەو وەکو من گۆشتی نێچیرەکان ناخوات. ناتوانم بڵێم کە لۆمەی دەکەم بەوەی دان بەوە دادەنێم کە ئەمە کەمێک سەیرە، ئەوانی تریش قێز لەم کارە دەکەنەوە، بەڵام تاکو تاقی نەکەنەوە، ئەوا نازانن کە گۆشتی مرۆڤەکان چەندە خۆشە ! ئەگەر بۆ یەک جار تاقی بکەنەوە، ئەوا وەکو من شەیدای خواردنی ئەوان دەبن، بەڵام نەخێر، دەڵێن پیسە.**

**دەزانیت چی، نەفرەت لەوان ! ڕای ئەوانم بەلاوە گرنگ نییە، بۆچی بەلامەوە گرنگ بێت لە کاتێکدا تەنیا گاڵتەم پێ دەکەن و پێم دەڵێن "ورگنی قەڵەو"، بەڵێ نەفرەت لێیان!**

**گلاتۆنی لە سەرووی دارستانەکەوە بوو لە کاتێکدا ئەم قسانەی بە خەیاڵدا دەهاتن، بۆیەش لەوێ بوو بەوەی کە دەیزانی زۆربەی جار نێچیرەکان دەڕۆن بۆ ئەوێ تاکو خۆیان بشارنەوە. هۆکاری ڕۆیشتنی نێچیرەکانیش بۆ ئەوێ بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سەرووی دارستانەکە درەختی بەرزی و دەوەنی چڕی لێ بوو، ئەمەش مانای ئەوەی دەگەیاند کە ئەوێ باشترین شوێن بوو بۆ خۆحەشاردان، هەڵبەتە باشترین شوێن دەبوو بۆ خۆحەشاردان ئەگەر گلاتۆنی بە شوێنی ئەوانی نەزانیبا.**

**دوای ئەوەی کە ڕۆیشتە شوێنی دیاریکراو، ئەوا بۆ ساتێک وەستا تاکو سەیری دەوروبەری بکات. لەپڕ تفەنگەکەی بەرز کردەوە و تەقەی لە دەوەنێک کرد، دواتر دەنگی هاواری یەکێک بەرز بۆوە و لاشەکە کەوتە دەرەوەی دەوەنەکە. دواتر تفەنگەکەی ئاڕاستەی سەرووی درەختێک کرد و تەقەی کرد، ئەم جارەش ئامانجی خۆی پێکا بەوەی کە یەکێک لە سەروو درەختەکەوە بە مردوویی کەوتە سەر زەوی. ڕۆیشتە لای لاشەی دووەم و قاچی ڕاستی تاکو سەر ڕانی بڕی، دواتر لاشەکەی خستە سەر زگی و چەقۆیەکەی دەرهێنا. چەقۆیەکەی لە پشتییەوە تاکو سەروو ملی بڕی، دواتر پێستەکەی لێ کردەوە و وردە وردە دڕکەپەتکی دەرهێنا. دوای ئەوەی کە لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا قاچە بڕاوەکە و دڕکەپەتکەی بە دەستی چەپی هەڵگرت و لەوێ ڕۆیشت. لە کاتێکدا بە ڕێگاوە بوو، ئەوا گوێی لە شتێک بوو، بۆیە لە شوێنی خۆی وەستا و چاوەکانی داخست، سەرنجی خستە سەر گوێی تاکو بە باشی دەنگەکە ببیستێت. ئەوەی بیستی دەنگی لەرزینی کەسێک بوو کە بە هۆی ترسەوە ددانەکانی لە یەکتری دەدا. دوای ئەوەی کە شوێنەکەی دۆزییەوە، ئەوا هەرچی پێی بوو لەسەر زەوی دانا، تەنیا چەقۆیەکەی هێشتەوە. بە هێواشی لێی نزیک بۆوە تاکو هەست بە بوونی ئەو نەکات. پلانەکەشی سەری گرت بەوەی کە کچەکە هەستی بە بوونی ئەو نەکرد. بەهەرحاڵ کە لەو شوێنە نزیک بۆوە کە کچەکەی لێ بوو، ئەوا وەستا. تێبینی کرد کە لەناو بۆشایی ڕەگی درەختێکەوە خۆی شاردۆتەوە، جەستەی سپی هەڵگەڕاوی**

ئەوی دەبینی کە چۆن بە هۆی ترسەوە دەلەرزی. چەقۆیەکەی بەرز کرد و وردە وردە لێی نزیک بۆوە، ڕۆیشتە پشتەوەی درەختەکە تاکو نەیبینێت. دواتر ڕۆیشتە لای ڕاستی درەختەکە کە بۆشایی ڕەگەکانی لێوە دیار بوون، بە دەستی ڕاستی بە شێوەیەکی خێرا قژی کچەکەی گرت و ئەویش هاواری کرد. کچەکە بە هەردوو دەستەکانی ویستی خۆی دەرباز بکات، بەڵام توانستی نەبوو، بۆیە دەمی لە دەستی ئەو نزیک کردەوە و گازێکی گەورەی لێ گرت. گلاتۆنی بەمە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، بۆیە دەستی بردە دواوە و کچەکەش لە بۆشایی ڕەگی درەختەکەوە هاتە دەرەوە. ویستی ڕابکات، بەڵام گلاتۆنی خێرا بەرۆکی گرت. بە دەستی چەپی قورگی گرت و بەرزی کردەوە، بە دەستی ڕاستیشی چەقۆیەکەی بەرز کردەوە و دواتر لە زگیدا. هەر لێیدا و لێیدا تاکو زگی کچە داماوەکە بوو بە خەڵتانی خوێن.

دوای ئەوەی کە گلاتۆنی ئەوی کوشت، ئەوا بە چەقۆیەکەی سەری ئەوی لە جەستە جیاکردەوە. دوای ئەوەی لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا سەرەکەی هەڵگرت و بەرەو ئەو شوێنە گەڕایەوە کە شتومەکەکانی لێ دانابوو. لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئەوێ، ئەوا بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: بەڵێ ! ئەمساڵ ڕاوێکی باش بوو بەوەی کە توانیم چەندین پارچە گۆشتی ناوازە پەیدا بکەم.

ناتوانم چاوەڕێ بکەم تاکو ئەو پارچە گۆشتانە بخەمە سەر ئاگر و بیانبرژێنم ! مادام وایە با خێرا بڕۆم بۆ گۆڕەپانەکە و بیانخەمە سەر ئاگرەکە، ئای کە ژەمێکی بەتام دەبێت !

## ڕاث و سلۆث

ئەم هەڵاتنەی ئەوان من زۆر تووڕە دەکات ! چی دەبێت ئەگەر تەنیا بۆ یەک جاریش بێت ڕووبەڕووم ببنەوە و هەڵنەیەن؟! بەڕاستی مرۆڤەکان بوونەوەرێکی ترسنۆک و چەپەڵن ! هەمیشە دەبێت بەدوایان بکەوم، کە دەشیان دۆزمەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕادەکەن. ئەمەش ناچارم دەکات کە بە ڕاکردنەوە بەدوایان بکەوم و بیانکوژم، ئاخ، ئەمە من زۆر تووڕە دەکات!

حەزم دەکرد وەکو پڕاید ڕاوچییەکانی تر نێچیرەکانم بۆ بهێنن و خۆم ماندوو نەکەم، بەڵام نەخێر ! تەنیا ئەو مافی ئەوەی هەیە کە لە شوێنی خۆی دانیشێت و فەرمان دەرکات. نەفرەتت لێ بێت پڕاید!

ڕاث ئەمەی بە تووڕەییەوە دەگوت لە کاتێکدا بەدوای سێ کچ دەکەوت کە لەدەستی ڕایانکردبوو. دوای ئەوەی کە بۆ ماوەیەک بەدوایان کەوت، ئەوا وزەی لێبڕا و لە شوێنی خۆی وەستا. سێ کچەکەش هەر بەردەوام بوون لە ڕاکردن تاکو چیتر دیار نەمان. کاتێک ڕاث زانی کە ئەوانی لەدەستداوە، ئەوا تووڕەییەک دایگرت کە وایکرد دەمارەکانی دەرکەوێت و ڕووخساری سوور هەڵگەڕێت. کە دەمی کردەوە، ئەوا هەرچی گوتی بریتی بوو لە جنێو. لە کاتێکدا ڕاث بەو شێوەیە تووڕەیی خۆی دەردەبڕی، ئەوا لە سەروو درەختێکی نزیک ئەوەوە دەنگی پێکەنینێک هات. ڕاث سەیری سەرەوەی کرد و ئەوەی ناسییەوە کە پێدەکەنی، ئەوە سلۆث بوو.

**ڕاش کە گوێبیستی پێکەنینی ئەو بوو، ئەوا توڕەییەکی زیاتر دایگرت و گوتی: هێی نەفرەتی، ئەوە بە چی پێدەکەنیت؟! ئایا گاڵتە بە حاڵی من دەکەیت؟! ئەگەر کۆتایی بەم پێکەنینەت نەهێنیت و داوای لێبووردنم لێ نەکەیت، ئەوا سەرت لە لاشەت جیا دەکەمەوە ! دەی وەرە خوارەوە و داوای لێبووردنم لێ بکە، هەر ئێستا!**

**سلۆث لە پێکەنینەکەی وەستا و دواتر هاتەوە خوارەوە، بە ڕووخسارێکی پڕ لە زەردەخەنەوە ڕووی لەو کرد و گوتی: ئارامبەوە خانمە جوانەکەم، پێویست بە توڕەیی ناکات. دڵنیات دەکەمەوە کە بە مەبەستی گاڵتەکردن بە تۆ پێنەدەکەنیم، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە تێگەیشتوویت، ئەوا داوای لێبووردنت لێ دەکەم. تکایە لە (سلۆث)ی داماو خۆشبە.**

**دواتر لێی نزیک بۆوە و دەستی ڕاستی گرت، بەرزی کردەوە و دواتر وەکو خانەدانێک ماچێکی دەستی کرد.**

**ڕاش کە دەستی بەو شێوەیە ماچکرا و ئەمەی بیست، ئەوا کەمێک ئارام بۆوە، دواتر گوتی: ئەم جارە لێت خۆش دەبم سلۆث. بەهەرحاڵ، ئەوە لە سەرەوە چیت دەکرد؟ ئەی بۆچی بەدوای نێچیرەکانت ناکەویت؟**

**سلۆث وەکو ئەوەی باوەشکی بێت وەڵامی دایەوە و گوتی: وەکو ئاشکرایە، ئەوا من کەسێکی تەمبەڵم، وزەی جووڵەی زۆرم نییە. هەرچەندە وەکو ئێوە چێژ لە ڕاوکردنی ئەو بوونەوەرانە دەبینم، بەڵام ئەمساڵ وزەی پێویستم نییە. تەنیا حەز دەکەم لە شوێنێک ڕاکشێم و بخەوم، تەنیا ئەوەم دەوێت. وە سەبارەت بەوەی کە لێرە چی دەکەم، ئەوا کاتێک بەسەر ئەو درەختەدا سەرکەوتم، ئەوا چاوەڕێی هاتنی نێچیرێکم دەکرد تاکو بیکوژم. بەڵام بە هۆی ئەوەی کەش و هەوای ئەمشەو زۆر فێنک بوو، وە لقی ئەو دارەش خۆش بۆ ئەوەی لەسەری ڕاکشێم، ئەوا خەوم لێکەوت و ئاگام لە**

**هیچ نەما. کاتێکیش تۆ هاتیت بۆ ئێرە و دەستت بە جنێودان کرد، ئەوا بە هۆی ئەوەوە لە خەو هەستام. ئیتر بەڵێ خانمە جوانەکەم، ئەمەش هۆکاری بوونی منە لێرە.**

**راث کە گوێبیستی ئەم قسانە بوو، ئەوا سەرزەنشتی کرد و گوتی: چۆن دەکرێت بەم شێوەیە تەمبەڵ بیت؟ ئەی نازانیت کە تەنیا ساڵی جارێک هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێت ئەم بوونەوەرانە ڕاو بکەین؟ ئەگەر ئێستا دەست بەکار نەبیت، ئەوا نێچیرەکانت لەدەست دەدەیت و دەبێت تاکو ساڵێکی تر چاوەڕێ بکەیت.**

**سلۆث وەکو ئەوەی قسەکانی لا گرنگ نەبێت، ئەوا گوتی: قسەکانت درووستن خانمە جوانەکەم، بەڵام وەکو گوتم، وزەم نییە .**

**-نەخێر، ڕێگە بەوە نادەم کە ئەم هەلە لەدەست بدەیت. بۆیە وەرە، پێکەوە دەڕۆین ڕاویان بکەین .**

**-بەڵام، بەڵام ...**

**-ئەمە قسەی کۆتاییمە، وەرە با بڕۆین.**

**سلۆث دەیزانی کە ناتوانێت ڕای ئەو بگۆڕێت، بۆیە بە ناچاری بەقسەی کرد و پێکەوە بەڕێکەوتن.**

**هەرچەندە سلۆث کەسێکی تەمبەڵ بوو، بەڵام لە بەدواکەوتنی شوێن پێی نێچیرەکانی شارەزابوو، ئەمە ڕاستییەک بوو کە (راث)یش دەیزانی، بۆیە ئەرکی دۆزینەوەی نێچیرەکانی بەوی بەخشی. سلۆث بەم کارە دڵخۆش نەبوو، بەڵام ناچار بوو ئەنجامی بدات بەوەی کە لە توڕەیی راث دەترسا، بۆیە بە بێدەنگی کارەکەی ئەنجام دا. زۆری پێ نەچوو کە سلۆث شوێن پێی ئەو سێ کچانەی دۆزییەوە کە پێشووتر ڕایان کردبوو، شوێن پێیەکانیان لەناو دارستانەکە بوو لە نزیک گۆڕەپانەکە. کاتێک بەدوای شوێن پێیەکان کەوتن و ئەوانیان دۆزییەوە، ئەوا ڕۆیشتنە سەر درەختێک و لە**

بەرزاییەوە چاودێریان کردن. بۆ دڵخۆشی ئەوان تەنیا ئەو سێ کچە لەوێ نەبوون، بەڵکو دوو کچ و کوڕێکی تریش لەگەڵ ئەوان بوون. راث کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: سەیرکە سلۆث، لەجیاتی سێ، ئەوا شەش دانە لەوێ کۆبوونەوە، ئەوە هەلێکی زێڕینە، پێویستە بیقۆزینەوە.

دوو کچ و کوڕەکە با بۆ تۆ بن، منیش چارەی سێ کچەکەی تر دەکەم، دەبێت تۆڵەی ئەو سووکایەتییان لێ بکەمەوە!

سلۆث کە گوێی لەوە بوو، ئەوا لەپڕ بیرۆکەیەکی بۆ هات و دواتر گوتی: دەڵێم پێت چۆنە شتێکی تر بکەین، تۆ بڕۆ هێرشیان بکە سەر، منیش لێرە دەمێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەوان ڕایکرد، ئەوا بەسەریدا باز دەدەم و قۆڵبەستی دەکەم، پێت چۆنە؟

-بەڵام ئەی ئەگەر هەموویانم کوشت؟ ئەو کات تۆ نێچیرەکانت لەدەست دەدەیت، ئەگەر پراید ئەمە ببیستێت، ئەوا توڕە دەبێت .

-دڵنیات دەکەمەوە هیچ کێشەیەک نابێت بەوەی کە ئەمە یەکەم جارم نییە کارێکی لەم شێوەیە بکەم، (پراید)یش ئەوە دەزانێت .

-پلانەکەت بیرساییە (مەنتیقییە)، بۆیە جێبەجێی دەکەین. بەڵام چاوەڕێکە، مەبەستت چییە کە ئەمە یەکەم جارت...

سلۆث نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات کە ئاماژەی پێدا تاکو بڕوات.

دوای ئەمە، ئەوا راث شمشێرەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا و بەرزی کردەوە، ڕۆیشتە لێواری لقەکە و دواتر بازیدایە سەر هەر شەشیان. یەکەم کەس کە کەوتە سەری، ئەوا بە شمشێرەکەی کۆتایی بە ژیانی هێنا، دواتر بە خێرایی شمشێرەکەی لە جەستەی ئەو دەرهێنا و بەرەو لای دووەم کەس وەشاندی، بە شێوەیەکی وەها خێرا

**قورگی بڕی کە خۆیشی نەیزانی ئەوە چی بوو هێرشی کردە سەر. دوای ئەوەی کە دووەم کەس کەوت، ئەوا ڕووی لە سێیەم کەس کرد، بە خێرایی بەرەو ڕووی ڕایکرد و شەقێکی لە سنگیدا، شەقەکە بە ڕادەیەک بەهێز بوو کە قەفەزی سنگی شکاند و خستییە سەر زەوی، دواتر ڕۆیشتە سەری و شمشێرەکەی خستە ناو دڵییەوە، بەم شێوەیە کۆتایی بە ژیانی ئەو سێ کچە هێنا کە پێشووتر لەدەستی ڕایانکردبوو. سێ دانەکەی تر کە هێشتا لەوێ وەستابوون، ئەوا نەیانزانی چی ڕوویداوە بەوەی کە هێرشەکە ئێجگار لەپڕ و خێرا بوو. لە کاتێکدا کە راث شمشێرەکەی لە دڵی کچەکە دەردەهێنا، ئەوا دوو لەوان هۆشیان هاتەوە و ڕایان کرد، بەڵام سێیەم دانە هێشتا لەوێ وەستابوو و نەیدەزانی چی ڕوویداوە، بە تەواوی کەوتبووە حاڵەتی شۆکەوە. راث گرنگی بە هەڵاتنی ئەوانی تری نەدا، بۆیە ڕۆیشتە لای ئەوەی کە لەوێ وەکو بتێک وەستابوو، شمشێرەکەی بەرز کردەوە و بە وەشانێک سەری پەڕاند.**

**ئەو دووانەی کە ڕاشیان کرد، ئەوا خێرا لە لایان (سلۆث)ەوە قۆڵبەست کران. دواتر راث ڕۆیشتە لایان و سەیری دوو قۆڵبەستکراوەکەی کرد، دواتریش چاوی لەسەر ئەوان وەرگێڕا و ڕووی لە سلۆث کرد، دوای ئەمە گوتی: مادام قۆڵبەستت کردوون، ئەوا کۆتایی بە ژیانیان بێنە، ئەوە مافی خۆتە .**

**-دەزانیت چی، وزەی کوشتنی هیچ کەسێکم نییە، بۆیە پێت چۆنە خۆت کۆتایی بە ژیانیان بهێنیت؟ ئەگەریش ئەمەت بەدڵ نییە، ئەوا وابزانە ئەمە دیارییەکی منە بۆ تۆ خانمە جوانەکەم.**

**راث کە ئەمەی بیست، ئەوا زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: دەزانیت، هەرگیز حەزم بە تۆ نەدەهات، بەڵام ئەمشەو ڕای منت گۆڕی، بەو شێوەیەش بێزارکەر نیت کە بیرم لێ دەکردەوە.**

**سلۆث وا خۆی دەرخست کە ئەم قسەیەی بەدڵە و سوپاسی کرد، بەڵام لە ڕاستیدا لای گرنگ نەبوو.**

**بەهەرحاڵ راث لە دوو نێچیرەکە نزیک بۆوە و گوتی: پێش ئەوەی بمرن، ئایا دەتانەوێت هیچ شتێک بڵێن؟**

**کوڕەکە بە دەنگ هات و گوتی: تکایە (فلۆرا)ی خوشکم ئازار مەدەن، ئەو ئازاد بکەن ! ئەوەی دەتانەوێت تەنیا منم، بۆیە تکایە ئازادی بکەن!**

**کچەکە کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە گریانەوە گوتی: نەخێر ! بەڵکو ئەوەی دەتانەوێت منم، تکایە فێن ئازاد بکەن، ئەو هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە!**

**راث کە گوێی لەم قسانە بوو، ئەوا کردی بە قاقای پێکەنین و گوتی: سەیرکە سلۆث، ئەم بوونەوەرانە بەو ڕاددەیەش ترسنۆک نین کە بیرم لێ دەکردنەوە، ئەوەتا ئامادەن ژیانی خۆیان لەپێناو ڕزگارکردنی یەکتریدا ببەخشن، کە قشتن.**

**راث لەگەڵ ئەم قسەیە ڕۆیشتە دواوەی فلۆرا و بە چەقۆیەک کە پێی بوو قورگی بڕی، بە هەمان شێوەش کۆتایی بە ژیانی (فێن)ی داماو هێنا.**

**دوای ئەوەی کە هەردووکیانی کوشت، ئەوا ڕوویکردە سلۆث و گوتی: دەزانیت چی سلۆث، لەمەودوا حەز دەکەم هەموو ساڵێک پێکەوە ڕاو بکەین .**

**- وازم لێ بێنە، تەنیا دەمەوێت بخەوم !**

## پرايد

دوای ئەوەی کە گوێیان لە دەنگی هاواری ئەو هەموو خەڵکە بوو، ئەوا ئانا بە دەنگەوە هات و گوتی: دانتێ، چیتر بەرگە ناگرم، پێویستە لێرە بڕۆین و یارمەتییان بدەین !

-ئەمە کارێکی مەحاڵە، ئەو ڕاوچییانە زۆر مەترسیدارن، وە دڵنیاشم کە تەنیا من و تۆ لە ژیاندا ماوین بەوەی کە ئەوە ماوەی چەند کاژێرێکە گوێمان لە دەنگی هاواری هیچ کەسێک نەبووە .

-ئەگەر ئەوە ڕاستیش بێت، ئەوا ناکرێت بۆ هەتاهەتایە لێرە بمێنینەوە !

-تکایە ئارامبەوە ئازیزەکەم، ئەم هەڵچوونەت دەمانخاتە مەترسییەوە!

گومانی دانتێ درووست بوو بەوەی کە هەر یەکە لە گرید و لەست گوێیان لە دەنگی ئانا بوو. بۆیە کاتێک دانتێ زانی کە شوێنەکەیان ئاشکرا بووە و ئەو دووانە وا بەرەو ئەوان دێن، ئەوا دەستی (ئانا)ی گرت و بەوپەڕی خێراییەوە لەوێ ڕایانکرد. لە کاتێکدا کە هێشتا ڕایان دەکرد، ئەوا ئێنقی هاتە سەر ڕێگایان، بۆیە ناچار بوون ئاڕاستەکەیان بگۆڕن و بەرەو لای چەپی دارستانەکە ڕاکەن، هەر ڕایانکرد و ڕایانکرد تاکو لە کۆتاییدا لە لێواری گۆڕەپانەکە نزیک بوونەوە، کە گەیشتنە ئەوێ، ئەوا هیچ کەسێکیان نەبینی، بۆیە بۆ ساتێک لە شوێنی خۆیان وەستان تاکو هەناسەیەک هەڵکێشن و پشوو بدەن، بەڵام ساتەکە خێرا تێپەڕی بەوەی کە لە دواوەیان راث و سلۆث دەرکەوتن. کە ئەو دووانەیان بینی، ئەوا دووبارە دەستیان بە ڕاکردن کردەوە تاکو گەیشتنە ناوەندی گۆڕەپانەکە. کە گەیشتنە ئەوێ، ئەوا شۆک بوون کاتێک

(گلاتۆنی)یان لەوێ بینی کە وا سەری مرۆڤێکی خستبووە ناو دارێکەوە و دەیبرژاند. ئانا کە ئەو دیمەنەی بینی، ئەوا ڕووی لە زەوی کرد و ڕشایەوە، بەڕاستی دیمەنێکی قێزەون بوو. بەهەرحاڵ زۆری پێ نەچوو کە لە لایان شەش ڕاوچییەکانەوە گەمارۆ دران. گرید بەرەو لای ئانا ڕۆیشت تاکو بیگرێت، بەڵام دانتێ بەرگری لێ کرد و مستێکی لە گرید دا، مستەکە بە ڕادەیەک بەهێز بوو کە ئەوی خستە سەر زەوی. لە کاتێکیشدا کە لەسەر زەوی بوو، ئەوا دانتێ بە خێرایی خەنجەرەکەی لێ برد و دواتر گەڕایەوە دواوە. ئەم جارە گلاتۆنی نزیک کەوتەوە، ویستی هێرش بکاتە سەر دانتێ و خەنجەرەکەی لێ بسێنێت، بەڵام دانتێ ڕێگەی پێ نەدا و بە یەک جووڵەی خێرا خەنجەرەکەی خستە ناو چاوی (گلاتۆنی)ییەوە. گلاتۆنی بەمە دووچاری ئازارێکی زۆر بۆوە، بۆیە دەستی لەسەر چاوی دانا و کشایەوە دواوە. ئەم جارە راث شمشێرەکەی بەرز کردەوە و لێیان نزیک بۆوە، هێرشی کردە سەر دانتێ. بە چەند وەشانێک وایکرد دانتێ بکشێتەوە بۆ دواوە، دواتر راث شمشێرەکەی دووبارە وەشاندەوە، ئەم جارە خەریک بوو بەر سنگی بکەوێت و بیکوژێت، بەڵام دانتێ بە شێوەیەکی لێهاتووانە توانی خۆی لادات. راث بەمە تووڕە بوو، بۆیە بە هەنگاوی خێرا لێی نزیک بۆوە تاکو سەری بپەڕێنێت، بەڵام دانتێ توانی خۆی لە هێرشەکەی لابدات دواتر بە جووڵەیەکی خێرا خەنجەرەکەی وەشاند و ملی ئەوی بڕی. دواتر راث دەستی ڕاستی لەسەر ملی دانا و کشایەوە دواوە. ئێنڤی ویستی هێرش بکات، بەڵام بوێری نەبوو بەوەی کە ئەوانی تری بینی چییان بەسەر هات، بۆیە لە شوێنی خۆی مایەوە، (سلۆث)یش بە هەمان شێوە لە شوێنی خۆی مایەوە و هیچی نەکرد، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وزەی شەڕکردنی نەبوو. بەڵێ، بەو ڕادەیە تەمبەڵ بوو. لە کاتێکدا دانتێ دەستێکی لەناو دەستی (ئانا)دا بوو و بە دەستەکەی تریش کە خەنجەرەکەی پێ بوو هەڕەشەی لەوان دەکرد، ئەوا لەپڕ هەستی بە شتێکی سەیر کرد. دەستی ئانا شل کەوت و دواتر وەکو بتێک کەوتە سەر زەوی. دانتێ کە سەیری دواوەی کرد و (ئانا)ی بینی، ئەوا کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی و فرمێسک بە چاوەکانیدا

هاته خوارەوە. بۆیە ئەمەی بەسەرهات چونکە بینی کە قورگی ئانا بڕدراوە و وا خوێنی لێ دەڕژێت. دوای چەند ساتێک بەسەر تێپەڕبوونی مردنی (ئانا)دا، ئەوا دانتێ سەیری پشتەوەی ئەوی کرد و پیاوێکی ڕەشپۆشی بینی کە چەقۆیەکی خوێناوی بەدەستەوە بوو، هەمان ئەو پیاوە بوو کە یەکەم جار قسەی بۆ کردن، بەڕێز پراید.

دانتێ ویستی هەستێت، بەڵام قاچەکانی وزەیان تێدا نەبوو، ویستی دەستەکانی بجووڵێنێت، بەڵام نەیتوانی.

تاکە شتێک کە لەو ساتەدا لە توانای دابوو ئەوە بوو کە سەری زیاتر بەرز کردەوە تاکو ڕووخساری داپۆشراوی بەڕێز پرایز ببینێت. لە کاتێکدا کە دانتێ بە نیگایەکی پڕ لە ڕق و کینەوە سەیری بەڕێز (پراید)ی دەکرد، ئەوا بەڕێز پرایز بە دەنگەوە هات و گوتی: بەڕاستی جێی ستاییشیت، ئەمە یەکەم جارە کە دوای ئەم هەموو ساڵانە یەکێکی وەکو تۆ توانستی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێمەی هەبێت، ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو!

بە ناوی هەمووانە ئەم قسەیە دەکەم: بۆ ئێمە جێی شانازییە کە توانیمان ڕاوی نێچیرێکی ناوازەی وەکو تۆ بکەین، بۆیە تاکو ئێمە لە ژیاندا بمێنین، ئەوا ناوت بە گەورەیی ڕادەگرین دانتێ.

هەروەها دەشمەوێت بڵێم کە هەرگیز نەبووە ئامادەیی ئەوەم هەبێت کە خۆمان بە نێچیرێک بناسێنم، بەڵام تۆ نێچیرێکی ئاسایی نیت، بۆیە ئەو ڕێزەت پێ دەبەخشم.

من (پراید-شانازی)م، ئەوانەی دەشیان بینیت بریتین لە: گرید-چڵێسی، لەست-ئارەزوو، ئێنڤی-ئیرەیی، گلاتۆنی-زۆرخۆری، راث-توڕەیی، سلۆث-تەمبەڵی.

ئێمە حەوت تاوانە کوشندەکەین.

ئێمە لە ئاکامی ناخی بۆگەنی مرۆڤەکانەوە درووست بووین، بۆیە تاکو مردنی کۆتا مرۆڤ، ئەوا ئێمە بە نەمری دەمێنینەوە.

جێی داخە کە ئێستا دەبێت کۆتایی بە ژیانت بێنم، بەڕاستی جێی داخە بەوەی کە حەزم بە تۆ دێت. بەڵام ئەمە کارێکە کە دەبێت ئەنجامی بدەم، دڵنیام لەوە تێدەگەیت.

دواتر لە دانتێ نزیک بۆوە و ڕۆیشتە پشتەوەی، بە دەستەکانی سەری گرت، پێش ئەوەی سەری بسووڕێنێت و ملی بتەقێنێت، ئەوا گوتی: دەزانم کە گوتنی ئەمە هیچ نرخێکی نییە، بەڵام داوای لێبووردن دەکەم دانتێ.

دوای گوتنی ئەمە، ئەوا کۆتایی بە ژیانی هێنا. دواتر لاشەی مردووی دانتێ کەوتە سەر زەوی و لە نزیک ئانا ڕانیشت.

پراید بۆ ساتێک بە ڕوویەکی خەماوییەوە سەیری (دانتێ)ی کرد، بەڵام خێرا بەسەر ئەو خەمەدا زاڵ بوو و دواتر گوتی: خانمان و بەڕێزان، ڕاوی ئەمساڵمان کۆتایی پێهات، بۆیە هیوادارم کاتێکی خۆشتان بەسەر بردبێت و چێژتان لە ڕاوکردنی نێچیرەکان وەرگرتبێت. ئێستا کاتی ڕۆیشتنە، بۆیە تاکو ساڵێکی تر، ئەوا خواتان لەگەڵ.

# کۆتایی

باوكى تێگەیشتن ڕێنوێنیمان بكات